# پیتەربروك لەشانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

## کامەران سوبحان

ئەم ناونیشانەی سەرەوە ناوی کتێبێکی سەنگینی پڕزانیاریە کەلەلایەن نوسەرو شانۆکار( دانا ڕەوف )ساڵی (٢٠٠٤) لە( ستۆکهۆڵم ) ی پایتەختی سوید چاپکراوەوپێشتریش هەمان کتێب لەساڵی(٢٠٠٣) لەدەزگای چاپ وپەخشی سەردەم چاپکرا ، بەلاّم بەدوچاپی جیاوازو کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەڕوی تەصمیم وزمانەوانی وهەندێ گۆڕانکاری تر، بەلاّم لایەنی زمانەوانی لایەنێکی زۆرگرنگە چ لەم کتێبە چ لەکتێبەکانی تری نوسەردا ، ناشکرێت لایەنی زمانەوانی لەئەدەبیاتی شانۆیی جودابکەینەوە ،چونکە لایەنێکی زۆرگرنگ لەئەدەبیاتی شانۆیدا پەیوەستە بەولایەنەوە ، بۆیە ئەم لایەنەگرنگە لەم کتێبەدا زیاتر هانیدام بۆقسەلەسەرکرد ن...

من بۆخۆم جارێکی ترولەڕۆژی١/١/٢٠٠٤لەڕۆژنامەی ئەدەب وهونەری کوردستانی بەدوبەش وبەوردی هەڵوێستەم لەسەر ئەم کتێبەکردوە ، بەلاّم چاپی دوەم وگۆڕانکاریەکانی کتێبەکەودانسقەیی ئەم کتێبە لەئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر هانیدام جارێکی تر هەڵوێستەلەسەر هەندێ پەرەگرافی بکەم ، بۆیە دەتوانم وزۆربەڕاشکاوانەبڵێم کە ئەم کتێبە پێویستەبکرێتە پڕۆگرامی خوێندنی بەشی شانۆی پە یمانگەی هونەرەجوانەکان، چونکەزانیاریەکانی ئەم کتێبە زۆرلەوکتێبانە زیاترن کەبەزمانی عەرەبی لەسەر( بروك ) نوسراون ..

پیتەربروك خۆی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا بەدەست وخەتی خۆی بۆ (( داناڕەوف )) دەنوسێت (بەڕێز کاك دانا من زۆرهەژارم بۆ خەمخۆریئێوە لەسەرقاڵبونتان بەکارەکانی منەوە ،هیوادارم ئەوکارەشتێکی بەسود بوبێت بۆئیوە،هەروەها تەمەنادەکەم کتێبەکەش سەرکەوتن بەدەستبهێنێ لەکاتی بلاّبونەوەیدا لەگەڵ سلاّوێکی دۆستانەدا پیتەر بروك١٧/٩/٢٠٠٢ )

دیارەئێمەگەرباس لە پێگەی (( پیتەر بروك )) بکەین لەشانۆی هاوچەرخ وکاریگەریەکانی لەسەر ڕەوتی شانۆی مۆدێرن ئەوانەك بەم نوسینە کورتەڕۆژنامەنوسیە بەڵکو بەدەیەهای واش تەواونابێت، بەلاّم هێندە هەیە دەتوانین خوێنەری کورد هەرهیچ نەبێت بەچەند پەرەگرافێکی کتێبەکە ئاشناکەین و دواترخۆی بەوردی کتێبەکە بخوێنێتەوە بەتایبەتی خوێندکارانی پە یمانگەی هونەرەجوانەکان ،

پیتەلربروك هەروەك خۆی دەڵێت پرۆسەی ستراکتۆروکارکردنی ئەولەشانۆیەکی ناباودا بەدوقۆناغدا تێپەڕیوە : یەکەمیان قۆناغی خۆئامادەکرد ن، دوەمیان قۆناغی لەدایك بون، دیارەئەوئامادەکردنە بەمانای ئەوزەمینەسازییەدێت کەلەگەڵ گروپە فرەنەژادییەکەیدا پێش نمایش دەیانکردو پاشتریش نمایش بەهەمومانائەزمونگەرییەکەیەوە لەدایك دەبوو...

لێرەوە یەکەم قۆناغی جیاکاری بروك دەست پێدەکات کەجیایدەکاتەوەلەزۆرێك لەشانۆکارانی تر، ئەویەکڕاست بانگەشەی جێهێشتن دەکات لەهۆڵەکان وپێی وایەشانۆکان سنوری بەرتەسکی بینەرانن وپێوستە شانۆکاران لەدەرەوەی ئەوشوێنەدرێژەبەئەزمونەکانیان بدەن،ئەمەش وایلێکردلەگەڵ گروپێکی فرەنەژاد وفرەڕەگەزوفرەزماندا هەموسنورەدورەکانی ببڕێت وڕویکردە پانتاییە جیاوازەکانی وەك (( گۆڕەپانی سێرك،گەراج،سەرشەقامەکان،کارگەکان ،نەخۆشخانەکان،قوتا بخانەکان،شوێنەدورەدەستەکان ئەوانەیتاهەنوکە ژیان تێیاندا سادەوساکارە ،یان خانوبەرەیەکیسوتاووکۆن وبەجێهێڵراوی وەك bouffes du nord لە پاریس دەکاتەمەڵبەندی شانۆیەکیگرنگ بۆلێکۆلینەوەو نمایشەکانی )) هەموئەمانە هاندەری بروك بون لەبونیادنانی ئەوشێوازە شانۆییەکەئەمڕۆنەك ئەوروپا بەڵکو کاریگەری بەسەررەوتیشانۆی جیهانیشەوەهەیە.

لەبەشیدوەمی ئەم کتێبەدا (دانا رەوف ) بەدورودرێژی باس لەژیانی پیتەربروك دەکات لەگەڵ بیلۆگرافیایەك لەبەرهەم و ژیانی جگەلەوەی کەئەم کتێبەدا تەنها شوێنی لەدایك بون ومناڵی و ژیانیهونەریی نییە بەڵکو شۆڕبونەوەیەکی قوڵە بەفەلسەفەوئاکاری هونەریانەی ئەم هونەرمەندەلەمناڵیەوە تائێستاکەلەژیانداماوە، گرنگیترین شت لەم بەشەی کتێبەکەدا پەیوەندی نیوان (( پیتەربروك وشکسپیر )) ە کەبروك سەرسامیەکی سۆفیانەی بەرامبەر دەقەکانی ئەم نوسەرەگەورەیە هەبوە،بەشێوازێك دەقی شکسپیرهەیە پیتەربروك سێ جار یان زیاترکاری تێداکردوە لەوانەهاملێت لەساڵی ١٩٥٥وساڵی٢٠٠٠و٢٠٠٢ هەرجارەی بەشێوازێك کاری تێداکردون ، ئەمەجگەلەشانۆیی زریانیش کەسێ جارلەسلاّنی١٩٥٧و١٩٦٨و١٩٩٠ کاریتێداکردون بەکۆی گشتی پیتەر بروك (١٢ ))جارلەدەقەکانی شکسپیردا کاریکردوە ، بێگومان ئەمەش دڵبەندبونی بروکە بەگەورەیی شکسپیر. .بەلاّم بۆئیشکردن لەشکسپیردا بروك لەژێر تێزەکانی ڕەخنەگری پۆلەندی (یان کۆت ) وکتێبەگرنگەکەی دەبێت (( شکسپیر هاوچەرخمانە ))

بەلاَم پێویستەخوێنەر بەوریایەوە سەیری هەوڵەکانی بروك بکات لەکارکردن لەگەڵ شکسپیردا چونکە ئەو هەرگیز بەفۆرمێکی تەقلیدی مامەڵەی لەگەڵ شکسپیردا نەکردوە بەتیبەتی شانۆگەری هاملێت کەلەدوساڵی جیاوازدا ئیشی تێداکرد هەرجارێکیان بەڕوئیایەکی جوداوە کەلەسالاَنی ٢٠٠٠ و٢٠٠٢ دا کەدوەمیان ڕیتواڵێکی گەڕۆکیانەی هەبوو،کاریشیلەسەر فەلسەفەی جیاوازو کەلتوری جیاواز دەکرد لەشانۆدا.

جگەلەشکسپیریش بروك لەدەقی زۆرنوسەری ترداکاریکردوە کەسەرەتای کارکردنی بەشانۆگەری ((د.فاوستی کریستۆڤەر مارلۆ)) دەستی پێکردلەساڵی ١٩٤٤ ودوابەرهەمیشی (مەرگی کریشنە) یەکە (ژان کلود کارییر) نوسیویەتیلەساڵی ٢٠٠٣ پێشکەشیکردوە لەگەڵ دەرهێنانی دەقی نوسەرانی وەك (ئاندریاڕۆسین وسارتەرو پیتەرڤایس وفردیش دۆریمان وئە پسن وچیخۆف وبیکێت وژان ژینیەو...هتد )
بەلاَم دانا ڕەوف پەیوەندیە قوڵەکانی نێوان ئەم نوسەرودەرهێنەرەی دۆزیوەتەوەهەربۆیە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە تەرخان دەکات بۆ شیکاری ئەوپەیوەندیە ، یەکەم ئیشکردن کە پیتەربروك لەدەقەکانی شکسپیرداکردی تێکشکاندنی ئەوبەهاوتێڕوانینەڕۆمانسینانەیە کەبۆدەقەکانی دەکرا، لێرەوەیەکەم جار بروك شکسپیری ڕزگارکرد لەومێژوەکەڵەکەبوانەی کەبەفۆرمێکی زۆرباو دەقەکانی پێ تەفسیردەکرا ، هەرئەمەش بوپیتەربروکی ڕوبەڕوی ڕەخنەوناڕەزایی‌زۆرکردەوەوئەوان پێیان وابوبروك بەهادرامیەکانی دەقی شکسپیری تێکشکاندوە،لەڕاستیشدا بروك جگەلەتێپەڕاندنی بینینی تەقلیدیانەی دەقەکانی شکسپیر و بەخشینی مانای قوڵی هاوچەرخانە بەوەدەقانەهیچی تری نەکرد !! پیتەربروك وای دەبینی شکسپیر تەنها ئەوەنیە بەچەند تێزێکی ڕۆمانسیانە بخوێنرێتەوە ،هەروەك ئەودەرهێنەرانەی لەوسەردەمەدا لەشکسپیردا کاریان دەکرد ، بروك خۆی دەڵێت : (ئێمە پێویستمان بەوەیە لەشکسپیر بکۆڵینەوە،چونکە هەموئەوشتانەی جێگای گرینگیپێدانن لایبرێخت وبیکێت وئارتۆ لایشکسپیرهەیە!! )

پیتەر بروك سودێکی زۆری لەپێسەکانی (بیکێت ) وەرگرت بەتایبەتی لەو پانتاییە فەلسەفیەیبیکێت لەتێڕوانینی بۆشکسپیر،بێگومان ئەم پەیوەندیەش لای دانا ڕەوف زۆروردبینانە کاری تێداداکردوە ،بەشێوازێکی زۆرسەرنج ڕاکێش و هونەریانە کەلەپەیڕەوەکانی میتۆدی ڕەخنەو شیکاری شانۆ نامەدا بەتەکنیکێکی زۆر بالاَئەوپەیوەندیانەی خستوەتەڕو.

لەبەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا نوسەر بەوردی لەسەرپەیوەندی نێوان ( پیتەربروك وئەنتۆنین ئارتۆ) ئەدوێ و ئەوشانۆیانەی کەلەم فۆرمەکارکردنەیەدەخاتەڕو، بەتایبەتی لەئیشکردن لەشانۆگەری (مارا/ساد) داوپەیوەندی بەشۆڕشی فەرەنسیەوە شیکار دەکات ..

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە نوسەر لەهەموبەشەکانی تر زیاترڕۆچوە بەکارەکانی بروك و هەوڵە جیهانیەکەی لەمەڵبەندینێونەتەوەی شانۆ لەپاریس ،کە یەکەمین مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی شانۆیی لەساڵی ١٩٧١بەهاوکاری ( micheline rozan) دامەزراند ، ئامانج لەم مەڵبەندە ئیشکردنەلەشانۆدا شانبەشانی کاری پراکتیکی بۆدامەزرادنی ئەم شوێنەش بروك خۆی دەڵێت (( هەستمان کرد لێکۆڵینەوە لەشانۆدا هەمیشەپێویستی بەلایەنێکی کردەیی هەیە ، لایەنەکردەییەکەش پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام هەیە )) دواتریش بروك لەکارەکانیدا لەگەڵ گروپەفرەنەژادەکاندا هەوڵی بلاَوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی فراوانیان ئەدا بەپشتبەستن وگەڕانەوەبۆبنەماگرنگەکانی شانۆی (نوی یابانی وسەمای ئەفەریقی و سێرك وکەلتورو شانۆی میللی فارسی )) هەربۆیە پاشترلەگەڕانەکانیدا بۆشوێنەدورەدەستەکانی دونیاو ئەوشوێنانەی کەژیان تێیاندازۆرسادەوساکارە هەوڵی ئەدا زیاتربەزمانێك بدوێت لەڕۆحی بێگەردی ئەوانەوەنزیکبێت ،بۆیەبەردەوام شوێنە کۆن وئەسەریەکانی هەڵئەبژاردو بەدیکۆرێکی زۆرسادەو دورلەهەموئالۆزیەك نمایشەکەی پێشکەشدەکردن وتەنهائەکتەریش چەقی کارکردنی ئەوبو ئەکتەرەکانیش لەپانتاییەکی بۆش و خاڵیدا،ڕۆڵەکانیان بەرجەستەدەکرد ، ئەمەش ئەم پڕۆژە دەوڵەمەندەی بروکیبەرەوشانۆیەکی میتۆلۆژی برد ،کەلەڕوانگەی ئەکتەری (ئەوروپی ، ئەفەریقی ، ئاسیاییوڕۆژهەلاَتیەوە ) دەکاتە خوێندنەوەجیاوازەکانی بۆکەلتوری ڕۆژهەلاَتی ودامەزراندنی کلتورێکی تری جیاوازوجیهانی ومرۆڤیش لەم پڕۆژەیەدا چەقی هەموشتەکانە ،لەوپڕۆژانەش شانۆیی (ئۆرگاست ) لەئێران ولەشاری دێرینی ئەسفەهان لەساڵی١٩٧١نمایشکرا کەدەنگێکی زۆریدایەوە وکۆمەڵێ وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەرنوسرا وپێشوازیەکی گەرمی لەلایەن بینەرانەوەلێکرا،کەبینەرەکانی زۆربەیان لادێی و نەخوێندەواربون ،بەلاَم هەرئەم نمایشە لەشاری پاریس لەشانۆی(بوفد ی نور) بۆبینەرێکی خوێندەوارورۆشنبیری ئەوروپی نمایشکرا ئەو سەرکەوتنەی بەدەستنەهێنا چونکەکەشی ڕیتواڵی ئەسفەهان وشوێنەمێژوییەکەی وبینەرە سادەکەی تێکەڵ بەڕوداوەکان دەبون ...

ئەمەجگەلەسودوەرگرتنێکی گەورە لەکتێبەدینیەکان بەتایبەتی ئاڤێستای زەردەشت ، بەش ولایەنی ترزۆر ماوەلەم کتێبەدا لەسەری بدوێن بەلاَم سنوری بلاَوکردنەوەهەرئەمەندە دەرفەتئەدا ، دەبێت هونەرمەندانی کورد سودێکی گەورە لەم کتێبە ببینن بۆئەزمونەهونەریەکانیان، چونکە بەدڵنیاییەوەئەم کتێبە یەکێکە لەدەوڵەمەنترین کتێبەهونەریەکان کەلەمێژوی هونەری ئێمەدانوسرابێت، بۆیە پێویستەلەسەرهونەرمەندان بەچاوێکی وردەوە پیتەربروك بخوێننەوە کەئەم کتێبە ی دانا ڕەوف دەروازەیەکەبۆناسینی ئەو کەڵەدەرهێنەرەی کەڕەوتی شانۆی جیهانی قەرزاربـاری ئەزمونەکانیەتی!!